# ساتەکانی
# مەست بوونم

سەلام قەزاز

CamScanner

# ساتەکانی مەست بوونم

سەلام قەزاز

٢٠٢٢



CamScanner

ناوی کتێب: ساتەکانی مەست بوونم

نووسینی: سەلام قەزاز

دیزاین و بەرگ:  ئیبراهیم ساڵح

شوێنی چاپ: چاپخانەی چوارچرا

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم: ٢٠٢٢

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی

(  ١٥٠٨ ) ساڵی ٢٠٢٢ ی پێدراوە



CamScanner

# پێڕست


بەر لە شیعر: ______ ٧

گەڵا ڕێزان ______ ٩

کیژۆڵەی جوان ______ ١٢

پەپولە ______ ١٤

هەنگ ______ ١٦

پەڕە سێلکە ______ ١٨

ڕوومەت ئاڵ ______ ٢٠

نوقڵە لێو ______ ٢٢

زەردەخەنەی شەرم ______ ٢٤

نیگای چاوانم ______ ٢٦

ساڵانێ بوو ______ ٢٩

کەژاوەی کزەبا ______ ٣١

شەپۆلی عەشق ______ ٣٣

خۆزگە ______ ٣٤

زەمەن ______ ٣٥

دیدار ______ ٣٦

ئاواتی مناڵی ______ ٣٨

یادەوەری کۆڵانەکەمان ______ ٤١

تاڤگەی گڕ ______ ٤٤

چیای سەرکەش ______ ٤٨

خۆزگە هەر منداڵ بومایە ______ ٥٤




CamScanner

گەلە گورگ ____ ٦٣
ئاخ بۆ سلێمانی ____ ٦٧
ڕەشەبایە سومبولی شاری سلێمانی ____ ٧٢
هەستێك ____ ٧٤
عەسەل ڕووبار ____ ٧٩
بولبول ____ ٨٠
بێ عیلاج ____ ٨١
جەزب ____ ٨٤
تەنیایی ____ ٨٥
شەمسی ئەزەل ____ ٨٦
بێ تۆ ____ ٨٧
تەقوا ____ ٨٨
غوربەت ____ ٩٠
کەسری دڵ ____ ٩٢
دیدەم نابینا ____ ٩٣
دڵ و دین ____ ٩٤
وەفایەك بۆ مام ____ ٩٦
سەلاح چاوشین ____ ٩٨
گەشتە خەیاڵ ____ ١٠٢

پێشەکی

## بەر لە شیعر:

زۆر وشەی جوان، ناسك، درەوشاوە و پڕبەها لە سینەی گەلێك کەسدا وەك فرمێسك قەتیس دەبن، لە تونێلی گەروودا دەرباز نابن، دەخنکێن و دەمرن..

لە قەفەزەی سنگا لە گۆڕ دەنرێن، یان خۆڵ و تۆزی قەدەر، سیمای جوانیان دادەپۆشێ و بەدەم ڕەشەبای زەمانە... ڕاپێچ ئەکرێن لەم پەنا بۆ ئەو پەنا.

لە ساتەکانی مەستبوونم بە عەشق و خەیاڵ بەدەم گریان و ناڵەوە شان ئەدەمە بەر ئەو بەردەی کە لەسەر سنگی وشە پڕ بەهاکان جێگیربووە و لای دەبەم....

بەهەناسەی نەفس وشەکان پاکدەکەمەوە لە تۆزی زەمان، تا سیحر و ڕەونەقیان دەرکەوێتەوە، هەرکەیان لە شوێنی شیاوی خۆی دادەنێم.

بەدوای هەست و سۆز دەیانهۆنمەوە،

ملوانکەیەکی جوانی لێ ـوست ئەکەم بۆ گەردنی شۆخێك.

نیگا و زەردەخەنەی چاوی شۆخێك.

دیمەنی دارگوێزێکی تاك و تەنیا، گوڵەبەڕۆژەیەکی پڕشەرم کە بە پرشنگی هەتاو شەرمەکەی دەڕەوێتەوە و سەرهەڵئەبڕێ، جووڵەی سمۆرەیەك کە وەك تەڵەیەك لە ساتێکا دەجار ئەتەقێت. ئەمانە و زۆرشتی دی کەرەسە و هەوێنی شیعرن، هەست و هۆشمی پێ ئەبزوێت.

سوجدە دەبەم بۆ ئەوکەسەی کە نەیهێشت خۆڵ و تۆزی ژیان ڕۆحم داپۆشێت، بە برژانگی چاوەکانی تۆزوخۆڵی لەسەر ڕۆحم لائەبرد. هەرچەندە چاوەکانی لێڵ ئەکرد و ئازاری ئەدا، بەڵام منەت بوو لە گیانی، بۆ خۆشترین وشە و یەکەم وشە کە فێری بوو، ئەویش دایە بوو.

سەلام قەزاز

## گەڵا ڕێزان

گەڵا ڕێزانم لا جوانە

نوێبوونەوەی تیا ئەبینم

کلوی بەفریش ئێجگار جوانە

بە دڵی تۆی ئەشوبهێنم

شۆڕەبی گوێ چەمیش جوانە

لە پرچی لولی تۆ ئەچێت

جریوەی ئەستێرە هەرگیز

بە بریسکەی چاوت نابێت

بۆنی نێرگز چەندە خۆش بێت

بە بۆنی لا ملت نابێت

مەوجی دەریا کە هەڵئەچێت

لە تووڕە بوونی تۆ ئەچێت



CamScanner

فێنکە شەماڵ کە هەڵئەکات

هەست و هۆشم بۆ تۆ ئەبات

ئاوی کانی چەند شیرین بێت

لە تای تۆدا نابێت ڕووی بێت

لەنجە و لاریش هەر لە خۆت دێت

کە ڕێ ئەکەیت لە جادە و ڕێ

کوچە و کۆڵان هەرچەند جوان بن

بەبێ تۆ چوڵن، وێرانن!..

لەنجەی گوڵیش بە شەماڵێ

هەست ئەبزوێنێ بە جارێ

بزەی سەر لێو، پێکەنینت

شەوق زیاد ئەکات بۆ بینینت

ئیتر بەسە مەڵێ مامە

یان زەردەخەنەی پڕ خاڵە

ناسکە هەرمێ زۆر بەتامە

قوربانت بێ خاڵ و مامە



CamScanner

# کیژۆڵەی جوان

کیژۆڵەی جوان ڕازی دڵت مەدرکێنە

دڵی پیرم بە نیگای جوان مەسوتێنە

دەرگای عەشقت بە ڕووی منا واڵا مەکە

عومری گەنجیت لەپێناوما بە با مەدە

باسی عەشق و خۆشەویستی بۆ من مەکە

هیوای جوانت لە ئێستاوە گشت کوێت مەکە

تۆ نازانی پشکۆی عەشقت ئەتسوتێنێ

دەریای خەیاڵ ئێگجار قوڵە ئەتخنکێنێ

تۆ گەنجیت و وەك پەپولە خولیات گوڵە

بۆ مژینی هەڵاڵەی گوڵ ئەکەیت جوڵە

فرمێسکی عەشق ڕووبارێك بێ هێشتا کەمە

ڕۆژانی عەشق زۆربەی زۆری پڕ لە خەمە

دڕکی عەشق نەیسمیوە دڵی گەشت!

نە فرمێسکی گەرمی عەشق بۆتە بەشت!



CamScanner

# پەپولە

پەپولە زۆر میهرەبانە

تەنیا خولیای گوڵی جوانە

لەم گوڵ بۆ ئەو گوڵ کە ئەفڕێ

تێر بۆن ئەکات هەڵاڵەی نوێ

وا ئەزانێت ژیان وایە

دایم لەناو گوڵاندایە

بێخەم ئەژی لەم دنیایە

نازانێ بەهار تەمەنە!

زۆر بێباکە لەم زەمەنە!

خۆ تۆ وەك پەپولە جوانی

ئەی بۆ پڕخەم دۆش داماوی



CamScanner

له خوای گەورە داواکارم

تەمەنی من با بەیارم

با وەك پەپولە بێ خەم بێ

تەنیا خۆشی بەشی ئەو بێ



CamScanner

# هەنگ

هەمیشە عەودالی هەنگم

منیش وەك ئەو عەشقی گوڵم

هەردوکمان گوڵمان خۆشئەوێت

بۆ گوڵ ئەڕۆین لەکوێ هەبێت

خۆزگە وەك هەنگ باڵم بوایە

بۆ لای گوڵان بفڕیمایە

ئەو هەڵمژێ هەڵاڵەی گوڵ

منیش بۆنکەم بە کامی دڵ

هەرکات یارم لێم ون بوایە

داوام ئەکرد لە هەنگی جوان

بفڕێت بەسەر باخەکانا

بەسەر گوڵی شاخەکانا



CamScanner

بزانیٚ شۆخی جوانی من

لەکام باخچە گولٚ بۆن ئەکات

لیٚوی ئاڵی بەشەونمی

سەر کام گەڵا پاراو ئەکات!

کە بینیم هەنگ شایی ئەکات

نزیک گوڵیٚک، سەما ئەکات

ئەزانم کە یاری منە

لە هەنگ وایە کە ئەو گوڵە



CamScanner

## پەڕە سێلکە

لەبیرم دێ کە منداڵ بووم

لە بنمیچیماڵەکەمان

هێلانەیەکی چکۆلە

لە قوڕ، جوان دروستکرابوو..

دوو پەڕە سێلکەی زیتی جوان

بە جریوە دەوریان دابوو...

بیرم دێ لە جادەی (کاوە )

ڕامئەکرد و خۆزگەکانم

وەك پەپولە، شەماڵ ئەیبرد

لەناکاو پەڕە سێلکەیەك

بە تەنیشتما زوو فرتەی ئەکرد

هەر نەمزانی چۆن خۆی ون کرد

لەبیرم دێ کە منداڵ بووم

لە نزیك سەوزە فرۆشان

لەبەر بەلەدییەی جاران

پەڕەسێلکەیەکی تیژباڵ

ئەفڕی و سنگی لە خاك دەخشان

بیرم دێ لەسەر دار تێلی

مەیانەکەی بەر خانەقا

بە جریوە خوتبەی ئەدا

دوای چەند مانگێك سەفەر ئەکەم

بەڵام دڵم هەر لێرەیە

لای هێلانە و لای ئێوەیە!...

# ڕوومەت ئاڵ

نزیك پردی خەسرەوی خاڵ

نازەنینێ ڕوومەت زۆر ئاڵ

بەرەو باخچەی سەنتەری شار

بە لەنجەولار ئەهاتە خوار

پرچی خاوی بە شنەی با

شەپۆلی ئەدا وەك دەریا

چاوی جوان و نیگای جار جار

مەستی ئەكرد لاوانی شاری

جادەی سالم ڕازایەوە

دڵی مردوم گەشایەوە



CamScanner

وەك نێرگزی بەهار وایە

بۆن پژێنە بەهرەی خوایە

ناز و عینوان هەر لەخۆی دێ

لەخۆی جوانتر مەگەر خۆی بێ

دوعا ئەکەم هەر بێوەی بێ

لەچاوی پیس هەر بەدوور بێ

قەد و باڵای شۆڕە بییە

بەگ زادەیە، بێ وێنەیە

# نوقڵە لێو

قوربانت بم سێوە لا سوور

ئیشارەتێك با بێمە ژوور

با تێر بۆن کەم ئەو لا ملە

هاواریشم کسپەی دڵە

هەرچەندە تەمەنم زۆرە

بەڵام بۆ جەژن و جەژنانە

منداڵێکی زور بزێوم

بۆ مژینی ئەو نوقڵانە

بەڵام شۆخی هەموو شارم

بەم جەژنی قوربانە هاتم



CamScanner

دەنکە نوقڵی لێوەکانت

خەڵاتیکە خانمی جوانم

بۆ پیری دڵ، بۆ کزی چاو

ماچ کردنی ئەو لێوانە

دەرد و بەڵا ئەپەڕێنێ

بۆنکردنی ئەو سێوانە

لەبەر خاتری نوقڵە دەمێ

لەگەڵ پیاوانی گەڕەکدا

ئەم جەژنە هاتمە بەر ماڵتان

نوقڵێکی شیرینم وەرگرت

لە دەستی باوکی جەنابتان

تێبینی: ئەم هۆنراوەیە هونەرمەند (مەحمود محەمەد) کردویەتی بە گۆرانی.

# زەردەخەنەی شەرم

زەردەخەنەی ژێر لێوانت
پەپولەی خەیاڵیان بردم
بەرەو گوڵی کوڵمەکانت
خۆزگە، خۆزگەم ئەهاتە دی
شەرمم  ئەشکاو پێم ئەوتی
بەبیَ تۆ ماڵم وێرانە
تەنیا ماچی ئەم لێوانە
سوکانیی ئەدا بەم گیانە



CamScanner

ڕووباری کەوسەرە لەنجەت

دووڕە یا مەرجانە پەنجەت

گەر لێم عاجز بی گوڵە گیان

لێم تێك ئەچێت هەموو ژیان

دڵت بشکێ چۆن چاکیکەم

قوڕی کام شار بەسەرما کەم

مەگەر عومرم بەقوربان کەم



CamScanner

# نیگای چاوانم

لەبیرمدێ کە منداڵ بووم
بەدەم ڕێگەی مەکتەبەوە
دێڕ بە دێڕی شیعرەکانی
وانەی کوردیم ئەوتەوە
نەك ماموٚستا لێم بپرسێ
نەیزانم و بشکێمەوە
لە حزوری زاتی ئەوا
شەرم کەم و بتوێمەوە!
ئێستاش پیرم، شەو تا بەیان
ئەهوٚنمەوە وشەی زوٚر جوان



CamScanner

ئەیان کەمە دیاری ژوان

پێشکەشی تۆی کەم بە قوربان

بەڵام داخی هەزار داخم

لەو ساتەوەی کە ئەتناسم

هەستی ناسکی ناو ناخم

یان ئەندێشەی سەری کاسم

ناتوانم بکەمە وشە

پێشکەش کەم بە گوڵی باخم

کە ئەتبینم ئەژنۆم ئەشکێ

شەرمێکی قوڵ ئێخەم ئەگرێ

تەنها ترپەی دڵ ئەمێنێ

ڕازی دڵم پێ ناوترێ

وشە، وەك پەپولە ئەفڕێ



CamScanner

قوربانی لەنجەی تۆ ئەبێ
زمان لاڵە و بێدەنگ ئەبێ
نیگای چاوم بۆ تۆ ئەدوێ



CamScanner

## ساڵانێ بوو

ساڵانێ بوو
وەك دوو منداڵ
دەمێ زیز و دەمێ ئاشت بووین
لە عەشقدا پەری پاك بووین
وەك و سۆما و دیدەی چاو بووین
دوو دیوی یەك عەشقی جوان بووین

ساڵانێك
نیگای پڕ شەرمی چاوانێ
چرپە و ئیشارەت جار جارێ
بزەی پڕ شەرم تاو تاوێ
پڕ نووری ئەكرد ژیانێ

سالانێک

بۆ گزنگی خۆرەتاوێ

بۆ چرۆی گوڵی نزارێ

بۆ کلوە بەفرێ نەمامێ...

ئەتواینەوە!

بەڵام ئێستا

من باران بم، تۆ هەتاویت

لە چاوانم دابڕاویت!



CamScanner

# کەژاوەی کزەبا

سپێدە، گزنگی خۆر، ملوانکەیەکی ئاڵتوونی بوو
وەك بووکی تازە هەنگاو بە هەنگاوی پڕ لە شەرم بوو
ئەستێرەکان، بۆ یەکتری وەك پاساری ئەیانجریوان
دەمەوبەیان دەمبەگریان یەك لە دوای یەك، چاویان نووقان
منیش تەنیا لە کەناری دەریایەکدا دانیشتبووم
شەپۆل شەپۆل ڕامئەگرتن پرسیاری تۆم لێئەکردن
شۆخی جوانم بریسکە بوو، کچی خۆر و تریفە بوو
شەپۆل وتی چاوەڕوانبە، ڕۆژێك دادێ شۆخی جوانت
بەسەر زینی شەپۆلێکی شێت و شەیدا بۆلای تۆ دێت
وا شەماڵیش کەوتە سەما، بە ئاوازی شمشاڵی با
گوڵ و گیای نەرم و نیان بە دڵ خۆشییەوە هاتنە زووبان

**هاوارم کرد:**

**شۆخی جوانم هەڵاڵە بوو، کچێ گوڵ و هەم خونچە بوو**

شەماڵ وتی:

**بۆنی ڕۆحی شۆخی تۆیە، لای لالە و لای وەنەوشەیە**

**هەموو گوڵی ئەم باخچەیە، قەرزاری ئەم بۆنخۆشەیە**

**لە کەژاوەی کزە بادا ڕۆژێك دادێ بۆ لای تۆ دێ**

**بارانیش نم نم باری خۆزگەم بە دڵۆپی سەر شانی**

هاوارم کرد:

**لەبیرت کرد بارانی جوان شۆخەکەی من، بەفری شاخ بوو**

**لەگەڵ ڕۆحما زۆر تەبا بوو، کچی ڕەنگ و نووری چاو بوو**

باران وتی:

**ڕۆژێ دادێت شۆخی جوانت لە دوای باران لە ئاسماندا**

**لە ناو کەژاوەی زێڕینی ڕەنگاڵەدا بەرەو تۆ دێ**

# شەپۆلی عەشق

سالەهایە گەردەلولی عەشقێکی پاك ئەمهەژێنێ

بە شەپۆلی، دڵی سارد و سەهۆڵبەندم ئەبزوێنێ

نیگای چاوت ڕۆحی ماندوم، فکری شێتم ئەجوڵێنێ

سالەهایە وەکو نێرگز لە دیدەما تۆ ڕوواویت

دەروێش ئاسا، فکر و هۆشم مەستی تۆیەو تۆ تۆراویت

یادگاریم، خەونەکانم، یەك لە دوای یەك ئەسوتێنێ

دەسا وەرە، ئەی ئاڤێستای ناو هەناو و نوری دڵم

بە هەناسەی نەفسی پاکت، ژەنگی دڵم بشۆرەوە



CamScanner

# خۆزگە

گەر خۆزگەکانم پەڕەی گوڵ ئەبوون
تەنیا هەلاڵەی خۆزگەی تۆم ئەویست
بۆیە هەمیشە دەڵێم خودایا...
لەناو خۆزگەکان یەك خۆزگەم بوایە
خۆشەویستەکەم زۆر بە ئارامی
لەناو ئامێزما لانەی هەبوایە
ئەم شا خۆزگەیە بۆ من ببوایە
باقی خۆزگەکان هیچی نەمایە
ئەوسا هەموویان ملکەچی تۆ بوون
هەموو پێکەوە قوربانی تۆ بوون



CamScanner

# زەمەن

بەر لەوەی بتناسم و نیگای چاوانت

وەکو ماسی لە چاوانما مەلە بکات!

بەر لەوەی کە ڕۆحی پاکت وەکو هاژە

لە ناو دەریای ڕۆحی مندا شەپۆل بدات

بەر لەوەی کە فکری سرك و یاخی و شێتم

دەستەمۆ بێت، لە ئامێزتا خۆی ژێر بکات

من نازانم ئەم دڵەی من بۆچی ئەژیا؟!

# دیدار

من دەمێکە چاوەڕوانم، بە دیدارت نویٚ ببمەوە
ئەم جارەشیان وەکو جاران فرمێسك و خەم بچنمەوە

ئەگەر هاتم لەگەلٚ ڕۆحما وەکو دیاری چیت بۆ بێنم
باوەشێکی پڕ لە خۆزگە لە بالاٚی تۆ بئالێنم

تۆ ئەزانی هەموو شەوێك حوزنێکی ڕەش ئێخەم ئەگریٚ
هەموو شەویٚ خەیالێکت دێت، دلٚم ئەباو لێم دائەبڕیٚ

هەموو شەوێك لە خەونمدا بەرەو مالٚتان هەنگاو ئەنێم
بەلاٚم گیانە منی تەنیا لەناو خەما بە ئاگادێم

زۆر ئەترسم کە بینیمیت  کانی وشەم بێ وشە بێ
لەبەرجوانی چاوی سیڤەر گەرووم وشك و بێ نەوا بێ

بڕوا چاوی پڕ فرمێسك و خەم و سۆزی پڕ گریانم
دەی هەمێستا پەیمان بدە زوو زوو وەرە بۆ جێژوانم

تێبینی: ئەم هۆنراوەیەم بۆ دووری سیڤەری کچم نووسی، دواتر هونەرمەند کەمال محەمەد ئاوازی بۆ دانا و کردیە گۆرانی.

# ئاواتی منالّی

کە منالّ بووم بە باوکم وت

توخوا بابە

زۆرم حەز لە

دەسێ جلی جوانە

باوکم وتی باشە گیانە

وەعد ئەم جەژنی قوربانە

ئەتبەم بۆ لای وەستا ڕەشی

بۆت بدورێ جلی کوردی

لەگەلّ پشتێنی گولّ گولّی

ئای چەند دلّم خۆش بوو بەمە

هەموو گیانم کەوتە گەمە

هەموو شەوێ لەخەونمدا

جلی تازەم لەبەرئەکرد

خۆم بائەدا و تێر ڕامئەکرد

هەموو منداڵانی گەڕەك

سەیری جلی منیان ئەکرد

بەیانیەك بە باوکم ووت

بابە جەژن زۆری ماوە؟

قوربانت بم کوڕی بابە

قوربان ئەوەندەی نەماوە

لەدوای جەژنیش

بۆ مەکتەبیش

هەموو ڕۆژێ لەبەریانکە

بەڵام ئەبێ لە مەکتەبا



CamScanner

ئاقڵ و پاك و سەلار بی

دەرسەکانت باش بزانی

هەفتە هات و هەفتە ڕۆیی

مانگیش هات و مانگیش ڕۆیی

جەژنی قوربان نزیك بۆوە

بەڵام داخی هەزار داخم

خەونەکەم ڕۆی نەهاتەدی

جلی تازەم بەچاو نەدی

لەجیاتی جەژن و جەژنانە

کفنێکی سپییان هێنا

وتیان ڕۆڵە باوکی تۆ خۆش

دایك و خوشکان گریان بەجۆش

منیش تێر گریام لەگەڵیان

بۆ باوکم بۆ جلەکان

# یادەوەری کۆڵانەکەمان

لەبیرم دێت کە منداڵ بووم
کۆڵانی تەسکی بەرماڵمان
تا گوێسەبانەی سەربانمان
بۆ چەن ڕۆژێك بەفر ئەیگرێت!!
هەموو گەنج و پیاوی گەڕەك
بە خاکەناز و بەفر ماڵ
بەفریان ئەماڵی دوور لەماڵ
ئێمەش ئەو دەمە منداڵ بووین
لە شەڕە تۆپەڵ ئازا بووین
تۆپەڵ تۆپەڵ بەفر ئەهات
کێ ئازایە لەوی تر بات



CamScanner

چلوورەی گوێسەبانەکان

درێژ بە باڵای منداڵیٚ

درێژو شۆڕ، نوك لە خواریٚ

ئاگات لەخۆت بێت باوکەکەم

ئەیدا بەسەرتا چاوەکەم

شەویش هەموو لە ژوورێکا

بەدیار پشکۆی مقەڵیدا

داپیرەش چەن بەڕوویەکی

ئەبرژاند  لە ناو مقەڵی

ئێمەش چاومان تێبڕیبوو

ئەوەی من بوو یەکەم تەقی

بەپەلە دەستم بۆ هێنا

پەنجەی دەستم کەمێ سوتا

نەنەش مەقاشێکی پیادا

هەرچەندە بەڕووەکە تاڵ بوو

بەڵام بۆ ئەو وەختە بەتام بوو

میلی ڕادیۆکەی باوکیشم

ڕای نەئەگرت لەسەر مەوجێ

تەنها کە (شکروڵای بابان)

حیکایەتی کۆنی جاران

لە دەنگی ڕادیۆی (کرماشان)

بە دەنگی خۆش و زوڵاڵی

پێوەی مەشغوڵ ئەبووین هەمووان

# تاڤگەی گڕ

لە بەرزە شاخێکی کوێستان
چەن لقە ئاوێکی زۆر جوان
وردە وردە ڕێگایان گرت
دەستیان لە ملی یەکتر کرد
ڕووبارێکیان لێ دروستکرد
گابەردێکی شاخ پێی وتن:
من لەم بەرزییە شەوانە
بە بڵێسەی تاڤگەی گڕێك
کلی ئەکەم ئەم چاوانە

مامەی گابەرد پرسیاری کرد

ڕێگەی دژوارتان بۆچی گرت؟

ئێوە دڵتان پڕ لە داخە

لە کوێوە هاتنە ئەم شاخە

بەرەو کوێیە ڕێگەی دوورتان

بۆ کوێ ئەبەن داخی دڵتان

بۆ بڵێسەی ئاگری دوور؟

بۆ کەرکوکی دڵ پڕ لە نوور؟

من خۆم خەڵکی ڕۆژهەڵاتم

خوشکەکەم لە باشوورە و

بۆ دیدەنی خوشکم هاتووم



CamScanner

ئەی تۆ خانمی زۆر جوانم؟
من خۆم لێرە هەڵقولاوم
دەمێکە نەزرم کردووە
حەجێکی کەرکوك قەرزارم

گابەرد پرسی لە سێیەمیان
ئەی تۆ قوربان هیلاك دیاری
وادیارە تۆ لەدوور هاتوی؟

من لە باکوور هەڵقولاوم
ڕێگەم دوور و پڕ دژوار بوو
پڕ لە سەختی و نسکۆی تاڵ بوو
بەڵام ڕێگە قەت بەرنادەم
نەزری خۆمە و لێی خۆش نابم

له سلێمانی هەتا حەمرین

بست بە بستی ئەم ڕێگایە

گشت ماچ ئەکەم بەم زووانە

کە گەیشتینە لای تاڤگەی گڕ

دەستمان کردە ملی ئاگر!

دڵت خۆش بێت مامەی خۆ گر



CamScanner

# چیای سەرکەش

چیایەکی بەرزی  سەرکەش
لە زستانا بەفر ئەیگرت
چوار کانی جوان لەناو ناخیا
لەناو تاشە بەردەکانیا
وەك فریشتە هەڵقوڵابوون

یەکەمیان کچی باکوورە
جێگەی سەختە، وەك بلوورە
سەری باڵندە ڕوو سوورە

کانیەکی لای ڕۆژهەڵاتی

گزنگی خۆر کە لێی ئەدا

ڕەونەقی زیاتر پێئەدا

ئەم کانییە هەرچەند مەنگە

جارجار دەوری شەڕە، جەنگە

کانی سێیەم، لە ڕۆژئاوا

گەلەگورگ دەوری ئەدا

پیسی و پاشماوەی تێئەکەن

بۆماوەیەك لێڵی ئەکەن

ڕۆژ ئەژمێرێ بۆ فرسەتێ

تۆڵەی خۆی لە گورگ بسەنێ

کانی باشوور دەمیَ ساڵە

جێگە و پشتی کۆچبەرانە
کۆچەرییەکانیش ساڵانە
لەدەوری ئەم کانییە جوانە
دەواریان ئەکردە لانە

ئەم کانی یانە لە زستانا
چاویان دائەخست ئەنوستن
بەڵام هەرگیز نە ئەمردن

دەمەوبەهار دڵۆپ دڵۆپ
چاوی گەشیان ئەکردەوە
سنگی ڕونیان فراوان بوو
بۆ مامزی سنگ دەرپەڕیو
لە ململانیَ نەبەزیو

لەناو دۆڵی خوار چیاکە

خانمە شاتوویەك ڕووا بوو

چاوەڕێی ئاوی سازگار بوو

چەمیش دڵی پڕ هیوایە

سنگ ئەکوتێت و پڕ بڕوایە

بگاتە دۆڵ بۆ لای شاتوو

دیاری باکوری باتێ زوو

خاتوو شاتوو نزیك دێیە

بەردی گەورە لەسەر ڕێیە

لەبەرخاتری چاوی کاڵی

ڕێگەی گۆڕی بەناچاری

پشتی ماندووی چەمانەوە

هیلاکی خۆی ڕەوانەوە

ڕێگەی ئەمجارەیان دوور بوو

پڕ لە سەختی و هەڵەودێر بوو

بۆ گەیشتن بە شاتووی جوان
لە بەرزایی شاخەکەدا
ئازایانە خۆی فڕێدا
بوو بە تاڤگە، تاڤگەی ئازار
گەیشتە ناو دۆڵی نازدار
دار و درەخت گەشانەوە
زەوی و زاریش بوژانەوە

چەمی ماندوو گەشتە شاتوو
تەپڵی زەماوەند لێدرا
ئاهەنگی گەورە سازکرا



CamScanner

# خۆزگە هەر منداڵ بومایە

لەسەروو حەمامی سورەت

کۆڵانێکی تەسک و باریک

نێوان ماڵی ئێمە و ماڵی

کاک ڕەئوف عەبەی حاجی

گەر ئەو کۆڵانە نەبوایە

کێ ئەیزانی ماڵمان جیایە

کەمیوانی ناوەخت ئەهات

خۆمان زۆر و میوانیش هات

مەلیحەخانی ئەوبەرمان

بێئەوەی میوان بزانێ



CamScanner

ئەتوت سەڵیبی ئەحمەرە

بەمەنجەڵێکەوە ئەهات

میوانیش تێرئەکرا و نەجات

منداڵێکی زۆر بزێو بووم

گەر کەتنێکم بکردایە

لەترسی لێدانی دایکم

ڕامئەکردە ئەوبەرەوە

لەدایکم خۆم ئەشاردەوە

بەنوزە نوز و بەگریان

لەباوەشی مەلیحە خان

خۆم نەجات ئەدا لە لێدان

کە ئەیهێنامەوە ماڵێ

هەزار سوێندی دایکمی ئەدا

کە ئەمجارەش عەفومان کا

دەزگای قەزازیش بە نۆرە



CamScanner

دایکم لەگەڵ خوشکەکانما
خەرجی چنینی ڕۆژانە (١)
مەوردێکی پارەی باش بوو
بۆ بژێوی ئەم خێزانە

تەنورێکی گەورەش بۆ نان
دروستکرابوو لەوبەر هەیوان
ژنانی گەڕەك هەموویان
هەویر و پنە و تیرۆکیان
قوربانی دەس و مەچەکیان
سەد کچە مۆدێلی ئێستا
قوربانی بۆنی مێخەکیان

١- خەرجی جۆرە شریتێکی چنراو بوو، لە شێوە وەك دانتێل دەکرا بەحاشییەی کەوای ژنانەوە بۆ جوانی، کە بە دەزگای قەزازی ئەچنرا.

حاجی عەبەی باوکی لەتیف
تەنیشتمان بووماڵەکەیان
لەگەڕەکدا تەنها ئەوان
تەلەفون هەبوو لەماڵیان
کە حاجی ئەهاتە سەر خەت

گوێمان لێبوو هەرچی ئەوت
لەدوای ماڵی (حاجی عەبە)
کۆڵانێکی داخراو بوو
دوو قاپی زۆر جوانی تیابوو

ماڵی (تۆفیقی کەبابچی)
لەخۆی ئەهات ستار خانی
دووهەم قاپی لەم کۆڵانا
ماڵی (حاجی سمایل) بوو

سەروو ئەمان لەم کۆڵانە

(مەحمود هەژار) قسەخۆش بوو

بەرامبەری ماڵی (مەحمود)

(وەستا ڕەشید) خانووی هەبوو

لەبیرمە (عومەر)ی کوڕی

خولیای کتێبی زۆر هەبوو

قوڕگی کۆڵان داخرا بوو

ماڵی (قادر ئاغا)ی تیابوو

بەرەو مەیانەکە بڕۆین

سەربانی حەمامی سوڕەت

گومەزەکەی ئێجگار جوان بوو

جێگەی یاری منالان بوو



CamScanner

لەوبەر ماڵی حاجی ڕەسول

بە قادرمە لە حەوشەوە

سەرئەکەوتن بۆ سەرەوە

حەمە و تەهای حاجی ڕەسول

لەگەڵ منا ڕەفیق بوون زۆر

حەمە پەنگی زۆر پێئەداین

بەزم و ڕەزمی زۆری لابوو

جاروباریش شەڕمان ئەبوو

لەسەر هەڵمات، کۆلکەی میزراح

بەڵام شەڕمان بەبێ قین بوو

مالەکەی خوار حاجی ڕەسوڵ

کاک عومەری جابی پاس بوو

پاسی جاران حکوومی بوو

جابی لەگەڵ سایەق دەبوو

کە جابی بیتاقەی ئەفرۆشت

موفەتیشێ لەناکاوا

تەدقیقی ئیشەکەی ئەکرد



CamScanner

سەربانی مزگەوتی مەحوی
چیمەنتۆیەکی جوان کرابوو
ئێمەش بەهەلمان ئەزانی
موشێن بکەین لە سەربانی

مامۆستا ئەسعەدی مەحوی
هەزار ڕەحمەت بێ لەگۆڕی
گەر بەقسەمان نەکردایە
دوو سێ شوڵکی تەڕی باشی
تێئەسرەوانین بە چاکی

کە داخڵ ئەکراین لە مەکتەب
باوکمان بە مدیری ئەوت
گۆشت بۆ ئێوە ئێسقانەکەی
بنێرنەوە بۆ ماڵەکەی


CamScanner

نامەی عەشق زۆر ساکار بوو

لە دڵەوە بۆ گوڵ باو بوو

لە کۆتایی نامەکەدا

تیرێك، دڵێکی پێکابوو

چەند قەترەیە خوێن ڕژابوو

بەخەتێکی جوان نوسراوبوو

نوسەر عاشق و شەیدا بوو

ئەمەش وەڵامی کچان بوو

من سوێند ئەخۆم بە خوای گەورە

یان بۆ دڵم یان بۆ گڵم

نامەی عادی بەینی خزمان بوو

دوای پرسیاری تاك بە تاکیان

ئەنوسرا

خەتمی کەلام

باقی وەلسەلام



CamScanner

# گەلە گورگ

گەلە گورگێکی چاو برسی
لە کوێستانەوە تا گەرمیان
بەدوای نێچیردا ئەگەڕان
کەرێکی تۆپیویان بینی
لەناو خۆیان، بوو بە شەڕیان
بۆ کامیان سەر و گێلاکی؟
ئەی لا ڕان و پێچکەکانی
لاشەی کەری تۆپیو نەما
ئێسقان و گۆشتی بۆگەنی
لەت لەت کرا، هەمووی خورا
گەلە گورگ ڕشانەوە
سەفرای سکیان هێنایەوە



CamScanner

زەرداوی قین وەك ژەهری مار

ئەهاتە دەر لە گورگی هار

هەرهەموویان قەراریان دا

خەتی ڕشانەوەی بۆگەن

لە باکوورەوە بۆ باشوور

لە نەخشەدا بێتە سنور

بۆ پاراستنی ئەم خەتە

لە ڕۆژهەڵات قەلە ڕەشێك

لە ڕۆژئاوا ڕێوییە گەڕێك

لە باشووریش بایە قوشێك

لە باکووریش زەردە مارێك

دەعبای گڵاوی لای خۆمان

دەستیان تێکەڵکرد لەگەڵیان

پێیان سپاردن ئەم خەتە

نەکا کەوی سپی باکوور

لە بەهارا بە شەقەی باڵ

بفڕێ بەرەو ناوچەی باشوور

یان سمۆرەی چاو زیتی جوان

لە ڕۆژ ئاواوە بار بکات

بە خۆی و گشت بێچوەکانی

بۆ ڕۆژهەڵات لای باوانی

یان زاوایەك زاتی هەبێ

دەستی بووکی جوانی بگرێ

بۆ دیدەنی خەزورانی

لە باشوورەوە بۆ باکوور

بە ئازادی هەنگاو بنێ

ڕۆژێك دادێ زێدی خۆمان

پاك ئەكەینەوە لە گورگان

لە بری ڕشانەوەی ئەوان

بە نێرگزی چاوگەشی جوان

بە گوڵاڵەی سوری بێگەرد

بسڕینەوە خەتی دەستکرد



CamScanner

# ئاخ بۆ سلێمانی

سلێمانی چەندە جوانی
ئێستا بۆ وا دڵ شکاوی
بێکەس، بێنازی لەم ناوە
سیمات بە جارێ شێواوە
زەردهەڵگەڕاوی بێچارە
جەستەت هەمووی پڕ لەزامە
پڕ لە خوێنە، پڕ لە ژانە
باخچەی گوڵت هەمووی خارە
خەڵکی ڕەسەنی شار نەما
بۆ ناکەس بەچە گشت جێما



CamScanner

مەحوی شێخی ئیرشادمان
لەداخی تۆ زمان لاڵە
شێخ ئەحمەدی گەورەی شارمان
پەستە عاجزە لەم حاڵە
مەولانا خالیدی بەرز
بۆت خەمبارە دەمێ ساڵە
کانێسکانت بۆ وا چۆڵە؟
کوا پیاوی مەرد بکەن تۆڵە؟
قاسپەی کەوت بۆتە قیڕە
قەلەڕەشێ هەرخۆی میرە
خەڵکی ڕەسەنی شار نەما
بۆ ناکەس بەچە گشت جێما

کوا فایەق بێکەسی شاعیر

شیعری بیست و حەوت ساڵەکەی

کوا پیرەمێردی دڵسۆزمان

کوا ئاهەنگی نەورۆزەکەی

کوا خوتبە پڕ حەماسەکەی

کوا کامەرانی موکریمان

شاری هەڵمەت و قوربانیمان

کوانیٚ بلەی ئەحە ڕەشمان

دەرسیٚ دابا بۆ ژیانمان

(مەژی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیان

چۆن قازانج ئەکەی، تا نەکەی زیان)

خەڵکی ڕەسەنی شار نەما

بۆ ناکەس بەچە گشت جێما



CamScanner

کوا ئەڵڵا وەیسی دیلانم
ڕەمزی بەرزی نیشتمانم
کوا ئەمینی باڵدارەکەم
ئەلف و بێی ڕێزمانەکەم
کوا شێرە ژنی شارەکەم
ئەختەرخانی ڕۆح شادەکەم
کوا تیشکی ئاگری شەونم
بیهەژێنێ ڕۆح و جەستەم
کوا پیاوی مەرد بنەڕێنێ
زاڵم سوککا بیتۆقێنێ
خەڵکی ڕەسەنی شار نەما
بۆ ناکەس بەچە گشت جێما

کوا شۆڕشیّ بمهەژێنیّ

وەکو هەور بگرمێنیّ

قین و تەفرەقە نەمێنیّ

کوا قەڵەمێك بێتە زمان

بنوسیّ بۆ شاری شاران

سەرچاوەی خێری، وەك باران

قیبلەی شۆڕشی وەك جاران

خەڵکی ڕەسەن دێنە مەیدان

ڕائەماڵن چەوت و لاران

# ڕەشەبایە سومبولی شاری سلێمانی

فێنکە شەماڵ پەخشان ئەکات پرچی جوانی کیژانی شار
بەناز و عیشوە و شەرمەوە کیژان سلاویان سەندەوە

فێنکە شەماڵ کە هاتە خوار لە ئەزمەڕی پشتێنی شار
کە ئەبینێ سلێمانی لە دوکەڵا هەناسە سوار

تۆزی خاشاك خۆی ئەپێچێ لە دیوار و گەردنی شار
تورە ئەبێ، تاو ئەسەنێ ڕەشەبایە بەرەو شار دێ

سنگ ئەکوتێت و ئەگیڤێنێ دوکەڵی ڕەش ئەتۆقێنێ
لەگەڵ خۆیا ژەهر و دوکەڵ بۆ دەر بۆ دور ڕائەماڵێ

ئاسمان ئەکاتە ئاوێنە شارێکی جوانی کەم وێنە

هاوار ئەکات هەموو بڵێن بەیەك دەنگ و تەنها یەك ڕەنگ

سستی ناشێ بۆ سلێمانی بۆ شارێکی پڕ قوربانی

ڕەشەبا بۆتە سومبولی شاری شاران سلێمانی

## هەستێك

### وەڵامە شیعرێك بۆ شیعری هاوڕێیەکی شاعیرم

هاوڕێی شیعرم، شیعرەکانت
ناسك، جوانن پڕ ئیلهامن
پایە بەرزن زۆر جیاوازن
بەڵام شیعری ئەم جارەتان
جەرگبڕە، کسپەی دڵە
هاژەی خوێنی شەهیدانە
قەتماغەی برینە، ژانە
دەستم دامێنت هاوڕێ گیان
نەچیت، نەڕۆیت بۆ لای مام مان
بۆلای ڕێبەر، بۆلای چاومان



CamScanner

نەچرپێنیٚ بە گوێچکەیدا

وا سلێمانیمان لەدەستدا

نەکەی ئاممان ڕایچڵەکێنی

نەڵێت ئێستا یەکێتیمان

بیٚ ڕێبازە، تەفرەقەیە

هەرکەس بۆخۆی مەدرەسەیە

ڕۆحی شادی مەترسێنە

هیوای دواڕۆژ مەڕوخێنە

نەڵێت سلێمانی ماتە

بێکەس، بێناز، زۆر خەمناکە

نەکەی نەچیت بۆ سەردانی (خاڵە شەهاب)

مەیشوێنە خەوی قوڵی

خەفەت مەبە بۆ سەر گۆڕی

نەکەی باسی زەلیل بوونمان

نەکا بمرێت لەخەفەتمان

لەبەردەمی باخچەی شارا

نەچیت بەلای کاک ئارام دا

دڵی گەورەی پڕ لە هیوا

با نەڕەنجیٚ تو زاتی خوا

(نەوشیروانی) ئەمینیشمان

زوو کۆچی کرد بیٚ بەختیمان

نەڵیٚیت کاکە نەوە هەستە

شار داماوە خەڵك پەستە

سلێمانی دۆش داماوە

ئەوەی حەکیم بیٚ نەماوە



CamScanner

سلێمانی سەرلێشێواو

لێی ڕائەکەن گشت بە لێشاو

ئەم وشانە لەدڵتابێ

ڕۆحی نەوە با ئارام بێ

تێکی مەدەن شاری شاران

ئامانەتی باپیرانمان

دەرگای شێخی گەورە ماچکەن

هەرهەمووتان دڵتان سافکەن

تێر تێر بگرین بەسەریەکا

بەسەر ئێسك و پروسکمانا

بەسەر کێلی شەهیدمانا

خراپ، دوو ڕوو، دوور خەنەوە

پیاوی ماقوڵ بهێننەوە



CamScanner

هەرکەس بیکات سوکایەتی

بەشاری پڕ کوردایەتی

زمان لاڵبێ گوێی کەڕ ببێ

بە پەندی هەردوو دنیابێ

ئەم برینەش ساڕێژ ئەبێ

ئەبێتە پەند بۆ دوا ڕۆژی

# عەسەل ڕووبار

له عیلمی غەیب غایب بوو، شەیتانی سیاه چارە

قصووری مەدرەکە عیللەت، کە ڕیسوایە لەو کارە

ظاهیری مەوزوع زوڵمە، باطنی جەهلی پڕ عارە

گەر ئەیزانی ئادەم ئەسڵە و حەبیبی خوای جەبارە

بە نەسڵی ئادەمەوە وەسڵە، ئەم شۆخە سەحارە

نەك سوجدە بۆ ئادەم، نۆکەری حەواش ئیفتیخارە

وەرە جاهلی سەرکەش! ببینە سیحری ئەم یارە

لە موعجزاتی ڕەببە، کەمالە، عەسەل ڕووبارە

شەیتانی جاهیل وتی: لە کوێ مەخفییە ئەم یارە؟

لە لیستی ناوی شۆخانا نییە زکری لە شارە

لەسەر ئەرزە سوکنای؟ یا لە عەرضی بەحرا بە حارە؟!

مەنزڵی سەماواتە و لە عەرشی جەنەتا دیارە؟

وتم غافڵی سەرکەش، لە ترسی چاوی غەددارە

دڵم چۆڵکرد لە خوێن بۆ ئەو، لە ناویا قەرار دارە



CamScanner

# بولبول

بولبول هێزی لێبڕا، هێنده کردی ڕەقس و سەما

گوڵ چاوەڕێی بای شەماڵە، وەعدە بیبا بۆ سەما

سەد لەحنی گۆڕی بەجاریْ چاوەڕێی ئیزرا ئەکات

گوڵ وتی: بولبولم لاڵە، (کا) بەسەر دەریا ئەکات

بولبولی شەیدا بەنەغمەی، ڕۆح بەبەر مردوو ئەکات

گوڵ وتی: شینی چیتە، دڵە و بە ئەهوا کار ئەکات...(1)

بولبولی پڕ شەوقی ئەمەل، گەش سەیری دنیا ئەکات

گوڵ بێباکە لە بولبول، دڵە و مەیلی شەماڵ ئەکات

باڕەشیش هەر شەماڵە، کێوێك لە تۆز و خۆڵ ئەبات

ڕەگ و ڕیشە هەڵکەنی، پەڕپەڕی کرد و وا نەما

گوڵ بە خەندەی لێو وتی: بێخەمبە، خەوبوو وا ڕەوا

نەبضی دڵم کە ڕاچەنی، تەنیا بۆ تۆی لێئەدا

بولبول بە غەمزی چاو وتی: زەللەیە نایکا جەفا

---

[1] ئەهوا: ئارەزوو



CamScanner

# بێ عیلاج

دڵ شکاوم، ڕۆح سووتام

بە جارێ ماڵم وێرانە

دڵی پەستم، پڕ لە خوێنە

سەیلی خوێن بۆ بەرەو چاوە؟

بۆ عیلاجی دڵی بیمار

سەدان تەبیبی ئەم ناوە

نە عیلاجێك نە دەوایەك

ئەسەف تاکە جوابیانە

سەدان شێخ و مەلا و سۆفی

نە چارە، نە عیلاجیان بوو!

لە تەسکینی دڵا سووربوون

عیلاجی مان و نەمان بوو!



CamScanner

بە مەئیوسی، ڕووم کردە لای
مونەجمێك بە ترس و لەرز
لە شەرحی حاڵم تێفکری
هەناسەی ساردی زووخاو بوو
بۆم بەیان کرد ئەسەڤی دڵ
وەکو بولبولی بەهارێ
هەزار غەزەل و مۆسیقای
بەدەم گوڵا هەر بە با چوو
وتی: ساقی نانۆشیت مەی
گەرچی پڕبێ سوراحی ئەو
لەلای عاشق ئەبێ نەنگ بێ
ئەگەر بە میسلی تاجر بوو
سەر و ماڵی ئەبێ دانێ



CamScanner

ئەمەیە کەسبی ڕۆحی ئەو

کە سەیرم کرد مونەجمیش

وەکو من حاڵی بێ حاڵ بوو

لە خۆ ون بوو لە غارێکا

لە بەحری تەفکیرا، لاڵ بوو

لە حەسرەتی عەشق و ئەوین

خەریکی نەجم و ئەفلاك بوو



CamScanner

# جەزب

قوربانی قووەتی جەزبت بم، شەمس ئاسا بەجەزبی

مەستم وەك دەروێش، ئەرز ئاسا ئەسیرم لە فەلەکی

کە تۆ هەناوت پڕی گڕە، بۆ مەنعی شەمع ئەکەیت لێم

فەنام، ونم، گەر دەرچم لە میزانی، فەلەك نییە جێم

مەڵێ بڕۆ موخەیەر نیم، تابیعی گڕتم بە جەبری

بۆ کوێ بچم بێ مەئوا و مەنزلم ... مەکان و زەمەن چی

عەشقی ڕۆحە، ڕۆحی عەشقە، تەجروبەی بکە بەوردی

کە تۆ فکر و ڕۆحت ڕەهن کردم بە جارێك دەخیلتم

بێ بەها سەیری مەکە، ڕۆحم لەلای تۆیە بەکولی

فیردەوسە، نورە، ژین خالیدە، ئەو زەمەنەی لەگەڵمی

لە سیحری تۆ، ئیقتباسە، بەها و عیزەت، تۆ ئەجمەلی

# تەنیایی

تەنیاییم هەڵبژارد و ڕووم کردەوە داروسەلام

تەرکی دنیام کرد بەجارێ بوومە زاهد بێ کەلام

موخلصە یان بێعارە دڵ ناوەستێ لە بەزم و بەم

یا مەشخەڵی عەشقە، قووتی ناسرەوێ لە ڕەقص و جەم

عاشقان هەستن بەجارێ پەرچەمتان سوورکەن بەخوێن

شەوقی کوڵمی چاو مەستانە ئینعکاسی لەونی خوێن

نوکی خامە دەستی لەرزۆك نایگرێ چیبکەم ئەمن

ناکامیلە شەرحی مەقصەد بێمانایە شیعری من



CamScanner

## شەمسی ئەزەل

شەمسی ئەزەل لە چاوی تۆ ساحێبی نورە وەڵڵا

ئاگری مەشخەڵی عەشقم، عیلاجی نییە بیللا

وا ڕەفیقان هەموو مەستن، بە مەی تێکڕا عەجایەب

غافڵن بە سەف کەوتوون، بە میسلی سەنەم عەجایەب

چاو مەستێك مەستی کردووم، (مەی)م ناوێ بە یەك پول

عیلاجی دەردم ناکا، نە بادە، نە دەرمان، نە پول

کە تۆ دڵت سەلب کردم، تەواو مەحووە، حەیاتم

جەننەت گەر تۆی تیا نەبیت... نامەوێ جەزای ئیحسانم



CamScanner

# بێ تۆ

نەزەر کوێر بم! موزمەعیل بم! ضریر بم باشترە بێ تۆ

سەمعم مشوەشە، هەرایە، طەرەب فیزاعە، بێ تۆ

شەهدی لێوت، شیرینە عەسەل، تاڵە زوعافە، بێ تۆ

تەعامم دەردە، بێ تامە، سومی مارە تاڵە بێ تۆ

نزیکی نابم ئەبەد ئەڕۆم، لەمسی گوڵ خارە بێ تۆ

لە عەتری مسك و قرونفل موستەغنیم بێزارم بێ تۆ

ئەژنۆم هێزی لێ بڕێ، بشکێت گەر ڕۆژێ بڕۆم بێ تۆ

دڵم بۆ تۆ سەما نەکات، لێدانیم بۆ چییە بێ تۆ

شار و جادەو خیابانم بۆچییە سەحرارییە بێ تۆ

بێبەهایە، ژینم زیندانە، زیلەتە، تاڵە، بێ تۆ



CamScanner

# تەقوا

لە حوجرەی دەوری عەشقدا

لە شەرحی فقهی ئیمانددا

دڵم پڕبووە لە عیرفان

شەهادەم دڵی بێ خوێنە

شێت بوونە، فرمێسکە، شینە

ژیانی سەرتاپا حیرمان

لە ئیمتیحانی عەشقدا

پرسە لە ڕۆحی بێ ڕۆحم

پڕ حەسرەتە، نابینایە

لاڵە، سەرابە، صەحرایە...

خوایە بۆ، ڕەحمێ ڕجایە

هەموو ئەشعاری غەزەلم

موحەکەماتە بۆ تۆیە

موتەشابهـ گشت وەلادە

ڕاسخینی عیلمی عەشق

هەموو موخلسانی تەقووا

ئەشهەدوو، زۆرن، بە بڕووان

هەڵڕێژن، خوێنی جگەریان!

گشت موعجبینی ڕوخسارت

بەیەك دەفعەی خەمم نابن

بە مەجموعیش... هەموو قوربان

# غوربەت

له غوربەتی عەشقی تۆدا

غەریقی بەحری حیرمانم

له زیکری سالآنی تەقووا

بە دایم مەست و حەیرانم

بە سایەی نەفسی ئەم شۆخە

ئەجولێت نەبض و ویژدانم

چ عەدلێکە، کە بسووتێم

کە من لەم دنیا سووتابم

(فی ناری جهنم خالید)

فەخرە بۆ من لەناویا بم

زەمەن نەکەی قەتعی ئەمەل

دەخیلتم ساتێك لێم بووەستە

شەونخونم تا بەیانی

دوعا و نزام موستەمرە

هەموو شەوێك لەیلول قەدرە

بۆ حزووری ئەو چاو مەستە

بە حزوری بۆ چەند ساتێك

دنیای ئێستام لا بەهەشتە



CamScanner

# کەسری دڵ

کەسری دڵی یار چۆن جەبرکەم، خەڵکینە دەسا چاریێ؟

موستەعیدم، فیدایکەم ڕۆح، قبوڵی تۆبەمکات جاریێ

کە پرسیم، گەر گوناحباربم لە ئیلحاحی منی بێ عار

موسەبەت بوو جەوابی ئەو، تەوەلا بوو لەمن یەکجار

شەکەر مەحشەر لەگەڵ خەڵکا، سومی قاتیل لەگەڵ منا

بە لەنجەولار کە ڕێ ئەکا، فرمێسکی چاو پڕ خوێن ئەکا

ڕەزای یارم دەوایە بۆم ، بەڵام بە زەڕەش مەعدوومە

دە پێم بڵێن: چ بەردێکە لە سینەی یارا مەسکونە

شوعائی نوری چاوانی، دڵم مەجزوب و مەفتووتە

هەتا ڕۆژی مەحشەر وەفا، خەسڵەتی منی مەجنوونە

# دیدەم نابینا

دیدەم نابینا، زمانم لاڵ، دڵ پڕ لە حەسرەت

ئەژنۆ شکاو، لێو بە بار، ژیانی دوور لە صەفوەت

بێ هیوام لە ژین سەرەو لێژ بۆ دامێنی مردن

ئەڕۆم جێی دێڵم ژینی سەرشۆڕی و پڕ زیللەت

بۆچیمە زوخاو، ڕۆحی سوتاوی پڕ لە عیللەت

عەشقێك کە مایەی زەبوون بێت تێی ئالأوم مەبەست

تێکەڵی ڕیشاڵی فکرە و بەهای پڕ لە عیزەت

چەسپە دەماری ڕۆحە، من لە کوێ بێنم جورئەت

دەری بێنم لەگەڵ ڕۆحما، کوا هێز و کوا قودرەت

مصدەری ئیلهامی شیعرە ئەصڵی بوون و نەشئەت

عەتات داپۆشی، سەرتاپا وجودم بە ڕەحمەت

چۆن دەفعی کەم، خودا من قەرزارم تا قیامەت!

# دڵ و دین

فرمێسکی جاریت ئاوی کەوسەرە لوتفە زوڵاڵە
شینە، گریانە، بۆ فیراقی ئەو باغ و ئەعنابە

حەجی کەعبەی شەریف کە جەمعی موئمین واجبیانە
کە من قیبلەم لە دڵابێت، بۆ بکرێت ئەم عیتابە؟

دڵی مەحبوبەکەم بۆ دڵی من قیبلەی ڕیحابە
نەبضی دڵی عاشق زیکرە تەسبیحە بۆ حیسابە

زیارەتی دڵی مەعشوقە، لام قممەی سەوابە
جەنەتی ئاخر بۆ؟ من جەنەتی ئەرزم مورادە



CamScanner

هەزار گوناح مەحو ئەبێت بەیەك تۆبە بەجارێ

فکر و هۆشم بۆ مەحبوبە مەیلانە بەجارێ

پێنج فەرزە کە ئەحکامی خودایە عەدلە ڕەوایە

بۆ من  شەش فەرز بێت بە ئیزافەی عەشق، ڕەجایە



CamScanner

# وەفایەك بۆ مام

چرای ڕوونی (تاڵەبانی) پڕ لە هیوا پڕ لە بڕوا
لە کەلکانی نزیك کۆیە، وەك بڵێسە، گەش داگیرسا
لە لاویدا بوو بە هێزێك بۆ کوردستان پڕ لە توانا
پڕ لە عەشقی کوردایەتی، سەربڵند بوو وەکو سارا
پشت و پەنای هەژاران بوو، دەم بەخەندە و زۆر زانا بوو
ڕابەرێتی پڕ باڵای بوو، هیوای خەڵکی کوردستان بوو
لەسەر ئاستی جیهانیشدا، پێگەی بەرزی زێڕینی بوو
لە سیاسەتدا بێ هاوتابوو، دیپلۆماتیکی دانا بوو
مام جەلالی برایەتی، گشت تەمەنی کوردایەتی
ڕەنگەکانی کۆکردەوە، چەپکە گوڵی لێ بەستەوە
شکۆ بۆ کورد گەڕایەوە، هەستی بونمان بوژایەوە
ترسی ڕۆحمان شۆرایەوە، زنجیری دەست کرایەوە

له سێبەری ماڵی مام دا لەبن چەتری فکری مام مان
پێشمەرگەکانی کوردستان، بۆ نەبەردی گۆشە ئەکران
لەسەردەستی مام جەلال دا کورد ئەمجارەش هەستایەوە
کڵپەی خەبات، تەپڵی شۆڕش، دوای تاریکی لێدرایەوە
ئاشتیخواز و شۆڕشگێڕبوو دڵ فراوان مام ی هەمووان
بەشۆڕشی نوێی ئەم جارە هەموو کوردی لەخەو هەستان

ئەم هۆنراوەیە کراوە بە سرود بە کۆرس وتراوە.

## سەلاح چاوشین

ئەی پێشمەرگەی خۆ نەویستی ڕۆژانی سەخت

ئەی پیاوی مەرد

چاوەکانت دوو پیرۆزەی درەوشاوە، دیاری خوابوون

دوو ئەستێرەی پڕ جریوە و پرشنگداری

ناو ئاسمان بوون

ئەی بۆ بوونە بەستەڵەك و کلۆی بەفری ئەم بەرلینە

چاو هەڵبێنە وەکو خۆری دەمەو پایز لێم دوور مەبە

چاو هەڵبێنە و دەستم بگرە، هەڵۆی بەرزی ڕۆژانی ڕەش!

ئەی تۆ نەبوویت چەتری سەری (مام جەلال)ی ڕێبازی گەش؟

ئەی تۆ نەبوویت لەگەڵ پێشمەرگە و کاکە (نەوە)ی ئەمینا، لە قەندیلا

چادرە شڕێك ماڵتان بوو، بەفر و باران جلی بەرتان بوو

سەرمای زستان تا سەر ئێسقان، هەموو زستان
میوانتان بوو
ئەی تۆ نەبوویت لە قەیوان و پاڕەزانا لەکوێ و کوێدا
ترست تۆقاند، مەرگت شکاند، چرای گوندت لەخەو
هەستاند
چاو هەڵبێنە و دەستم بگرە،
با بڕۆینەوە بۆ سلێمانی
بۆ لای (سروشت)
بۆ لای (ستران) بۆ لای (هەژیر) و (سیوەخان)
دواتر بڕۆین بەرەو سەیوان،
بەرەو ئارامگای شەهیدان!!

تێبینی: ئەم هۆنراوەیەم بۆ مەرگی لەناکاوی کاکم (سەلاح چاوشین)
نووسی , کە لە ئەڵمانیا لە نەخۆشخانە بوو دواتر لەشاری سلێمانی
کۆچی دوایی کرد و بە خاک سپێردرا



CamScanner

## ٤

## زنجیرەیەك نوسینی غەرببیەكانی هەندەران بە خەیاڵ دێنەوە سلێمانی، باسی یادگاری كۆن دەكەن، تێكەڵ لەگەڵ خۆزگەكانیان...

## یەكەم: گەشتی خەیاڵ: گەڕەكی چوارباخ و جولەكانە



CamScanner

# گەشتە خەیاڵ

دەمێ ساڵە دوور وڵاتین
نوقمی خەم و تەمی ماتین
ئێمەی غەریب دۆش داماوین
لە وڵاتان قەتیس ماوین
گیانمان شادکەین بە زیکرەیات
سەرگوزەشتە و بە حیکایات
کە چوینەوە سلێمانی
لە باخی بەختیاری لادەن
مشتێ خۆڵی بە لوتما کەن
لە دووڕیانی سەرچنارا
وژەی بای شار بەگوێما کەن



CamScanner

بمبەن بە جادەی سالما

موچرکە بێ بە گیانما

ماڵی ئەحەی کەریمە گێل

لەم سوچا بوو یادی بەخێر

ئەوە ماڵی خاتونە بوو

دایکی زۆربەی شارەکە بوو

ماڵی مەحمووی مەلا ئەمین

پیاوێکی سەر ڕاستی بەدین

ئەوەش مەعمەلی جگەرە

شکور ڕووخان لەم بەدەرە

ئێوە بیرتانە شوتەکەی (١)؟

کرێکاری سێ شەفتەکەی

ئا ئەم شوێنە کوێراییم بێ

لەجێی وەیسی سەیرانگای شار

مۆڵگەی فیرقەی تیابوو چەن ساڵ

وا گەیشتینە باخی گشتی

دڵی سەوز پڕ لە خۆشی

ئەڵڵا ئەڵڵا مام ئەوڕەحمان

لە سی و حەوتا داری ڕووان

شوکور (حەسیب ساڵح) ماوە

(هۆتێل پالاس) یان ناو ناوە

١ – ئامێرێك لە گارگەی جگەرەی سلێمانی هەبوو کە کاریان پێدەکرد دەنگێکی ئێجگار بەرزی لێدەهات بۆ ئاگادارکردنەوەی کارمەندانی کارگە، ئەم دەنگە بەرزە پێیان ئەوت: (شووتەکەی مەعمەل).

حاجی (برایم) ی چاو شوشه
دووکانەکەی ئا لەم سوچە
کوا (ڕەفیق) و کامێراکە
ئەرشیفی ڕەسمی شارەکە

ئەی (مەدهۆش) ی خەیاتی شار
یان کاك (شەیدا) ی پڕ لە ویقار
دکتۆر (ڕەئوف) ی سەیدەلی
هەزار ڕەحمەت بێ لە گۆڕی

لەو بەرەوە محەلەکەی

ئەنوەری کەریمە فەنی

کوا دووکانی (مەلا شەریف)

حاجی جوان و پیاوی زەریف

بەهـ بەهـ

جوانی ئەو سەردەمە

بۆ قەسرەکەی (تۆفیق قەزاز )

نیشانەی عەزم و کاری ساز

کوانیٚ (باتە) کوا پیٚڵاوی؟

هەرزان و باش کەوشەکانی!

کوا قشڵەی جوان لەوبەرەوە؟

کوڕە کاژاو لەم بەرەوە!

بە گەورەیی لیٚی نوسرابوو

(بە دەستی بەتاڵ نەڕۆی بێ دیاری، دیاری
پێویستە بۆ یادگاری)

بەو بەرەو (شێخەی نوقڵە)

زمان شیرین بۆیە نوقڵە

ئەمەش (عەباسی ماستاوە)

چەن گەورەبوو دووکانەکەی

چەند خۆش بوو ماستاوەکەی

بەریدەکە لەوبەرەوە

سەعاتێکیش بە سەرەوە

بگەڕێنەوە لای وەیس

(با بچینە سەر وەیسی، وەیسی خۆمانە

لە وەیس بپرسین گیانە خەتای کاممانە)



CamScanner

تۆزێ خوارتر تەمەڵخانە

نوقتەی داڵەی ئەو زەمانە

خوارتر ئیتر ئەیوبییە

بەخوا ڕۆحم هەر لەوێیە

ئا ئەوەتا مەلعەبەکە

(خالید سەلیم) و تۆپەکە

تۆ بیرت دێ قەرەجەکان؟

هەڵیان دابوو دەوارەکان؟

## تۆزیٚ سەرو پێش جولەکان

عەرەبانە دوو ئەسپەکان
دەستمان ئەگرت بە پشتییەوە
(مام سەلیم)ی عەرەبانچی
چەن تورِ بوو یەك دوو قامچی
بە بنا گوێما شەقەی ئەهات
وەك زەردە زیرە پیٚوەم بات

لەسەر مەیانی دارەکە
چەند گەورەبوو خانەکە
(عومەری سەعدوون) خاوەنی
چەند خۆش بوو دانیشتنی
ئای چەند درِبوون تولەکانی
چەندە جوان بوون ئەسپەکانی

کوا باڕۆکەی سەر بارە دار

لە لادێوە ئەهات بۆ شار

ئەی بەرچنەی پڕ لە ترێ

یان هەنجیری تام شەکرێ

ئەمەش (سەعەی تەها کۆیی)

بنێرن بۆی سەد ڕەحمەتی

ئەم کۆڵانە تەسکە جوانە

ماڵی (مچەی گورگە وانە)

ماڵی نەنە (عەوا شیشمان)

ئەم سوچەیە ها لەوبەرمان

ئەم کۆڵانە تۆزێ سەرتر

ماڵی (ڕەحیمە فشەی) گوێ زل



CamScanner

ئا لەو کۆڵانە بەو لاوە

حەمەی قڕیلە وەستاوە

یەك قاپ عەرەقی هەڵلاوە

بچین بۆ لای سەڕاجەکان

مزگەرو ئاسنگەرەکان

خومچی لەگەڵ لێفە درووان

کوانی (ها... هوو)ی جوتە شاگرد؟....(٢)

مەچەك قەوی بازوو زۆر گرد

چەند خۆشە بۆنی ئەو چەرمە

ئەو زینی ئەسپە چەن نەرمە

کوا مزگەر و خۆ بایانی

خشە خشی ژێر پێیانی

٢- (ها..هوو) دەنگی دوو کریکاری ئاسنگەر کە لە کوورە کارییان دەکرد، دوای گەرمکردنی ئاسنەکە بەرامبەر یەك دەوەستان و چەکوشیان لە ئاسنەکە دەدا و هەردووکیان بە یەك ڕیتم، یەکیان دەیگووت (ها) ئەوی تر دەیگووت (هوو).

کوا خومچی لای مزگەوتەکە

دەست تا ئانیشك هەمووی ڕەنگە

بیرمان نەچێ (خەلیل ئەسڵی)

وەستای باشی کلیلسازی

کوا (ڕەحمە) و دەزگای قەزازی

(خەرجی) بچنێ بۆ کەواکەی (٣)

چەند خۆش بوو بەر بەلەدییێکە

ئەوە زەرفە ها خۆت تێیکە

هەڵبژێرە تەماتەی ئاڵ

هەرمێی گوڵاوی ئەم ساڵ

بامێی حللە زۆر بەتامە

نۆبەرەکەی تۆزێ گرانە

٣- خەرجی جۆرە شریتێکی چنراو بوو، لە شێوە وەك دانتێل دەکرا بەحاشییەی کەوای ژنانەوە بۆ جوانی، کە بە دەزگای قەزازی ئەچنرا.



CamScanner

کوا ترۆزی خڕی ناو سوور

بەهێ پڕکا بۆنی ناو ژوور

کوا ترخێنەی وشککراو

لەسەربانی ماڵ هەڵخراو

تەشتە تەماتەی دۆشاومان

سینی جوانی ڕیزکراومان

ئەوەش (مەلا نورییە شەلە)

وشکەی لایە ئەڵێی گوڵە

مەنجەڵێکیش ماستی کوردی

لای (وەهاب) بێ لێی نەترسی

ئەمەش (حسێنی شیرینە)

قەسابێکی زۆر دێرینە



CamScanner

(حسن فرج) زۆر سەر ڕاست بوو

وشکە و ڕۆنی باشی لابوو

سوێم بۆتەوە بۆ برنجیٚ

کوردی خۆمان پڕ لەتکە بیٚ

لەگەڵ شلەی تاسکەبابی

قوربانی بیٚ سەد خواردنی

سارد و سڕی ئەوروپایی

جامیٚ دۆی سارد پڕ لە قەزوان

بەسەریا کەیت عافێت قوربان

(بەکر)ی شەربەت، سوراحییەکەی

کەللە تەزێن بوو مێوژەکەی

سینی بە سەریش لەو لاوە

ئەڵیٚ دەڵەمەم پیٚ ماوە

مامه پیرەی پشت کۆماوه

وردەواڵەی بن دەس ناوه

هاواری ئەکرد لەو ناوه

ئەوه لفکه ئەوه لیره

کوا هادییەکەم کوا قەحتانم

شاوری حەسحەسی شەوانم

چەند جوان بوو مراخانی

جلی ئەسڵی سلێمانی

لەویش جوانتر ستارخانی

پۆشته و پەرداخ و کیباری

دەسماڵ و کۆڵوانەی شانی

چەند جوانه له ژنی شاری

چەند جوان بوو ئەو (فێست)ەی سەریان(٤)

ژێر چەنه و مێخەك بەنیان

٤- (فێست): کلاوێك بوو ژنان له سەریان ئەکرد، لیرەی پێوه بوو.

ئاخ بۆ بۆنی سنگی دایکم!
ئارامی وا چۆن پەیدا کەم!

حەمامی سورەتی جاران
هەفتەی پێنج ڕۆژی بۆ پیاوان
دوو ڕۆژیش تایبەت بە ژنان
ژنان و بوخچەی بن دەستیان

بەیانیان سبای ساڵحان
تا دەمی عەسرێ درەنگان
مەگەر خوا بۆخۆی بزانێ
لەگەڵ هەموو جامە ئاوێ
باسی چەند مەوزووع کرابێ



CamScanner

ئەمەش خانەقاکەی مەحوی

چەن داماوی چەن بێنازی

دەبوایە خانەی عیرفان بی

جێی ڕاوێژ و پیاو چاکان بی

ئەمە ئاشی (شێخ جەلال)ە

ئاردی باراشی حەڵاڵە

چەندە خۆش بوو شیری گەرمی

بەر حەمامی سەیی عەلی

ئەم گەڕەکەش جولەکانە

توجار باشی ئەو زەمانە

(مام شەلەمۆ)ی پیاوی باشم

نەنە (حەلاوی بنحاسم)

بەجێیان هێشت موڵك وماڵیان

بەفیڕۆ چوو گشت سامانیان

بەکۆی زوخاڵ بێ هەرکەسێ

لەو تاوانە دەستی بووبێ



CS CamScanner

سەلام قەزاز

لە دایکبووی ساڵی ١٩٥٧ لە سلێمانی.

لە ساڵی ١٩٨١ کۆلێژی ئەندازیاریی کارەبای تەواوکردووە

لە زانکۆی سلێمانی.



CamScanner



گەڵارێزنم لا جوانە
نوێبوونەوەی تیا ئەبینم
کلوی بهفریش نێجگار جوانە
بە دڵی تۆی ئەشوبهێنم